# درامای ئاریا.. ناکۆکی لەنێوان ئیسلامییەکان و عەلمانییەکاندا قووڵترکردەوە

ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail.com



دوابەدوای پێشکەشکردن وڕاگرتنی زنجیرە درامای ئاریا لەشاشەی کەناڵی کوردساتەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ڕۆشنبیران و عەلمانیخوازەکانی کوردستان لەگەڵ ئیسلامییەکانی کوردستان ،هۆکاری ئەم ناکۆکییەش دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیریی کردنی ڕۆشنبیرانی عەلمانی لە خواستی پیشاندانی بەردەوامی دراماکە هەرچی ئیسلامییەکانیشن بەو گرتانەی ناو دراماکە بێزاربوون کە مەلا یان دووکارێکتەری ئیسلامییان تێدا دەرکەوتووە،بەشێوەیەکی گشتیش ئەم ناکۆکییە ڕەنگدانەوەی لە چەندین ئاستی جیاجیادا لێکەوتەوە هەر لە وتاری ناو ڕۆژنامەکانەوە تا هەڵای نێو ماڵپەڕەکان و وتارەکانی ڕۆژی هەینی مزگەوتەکان ، جگە لەمانەش ڕەنگدانەوەکانی ئەم پرسە و دۆزی ڕاگرتنی درامای ئاریا سنوور و مەودای کوردستانی تێپەڕاندو چووە ڕووبەرێکی فراوانترەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕۆژنامەوماڵپەڕ و کەناڵە عەرەبییەکان گرنگییاندا بەم مەسەلەیە وبەدواداچوونیان کرد دەربارەی ئاکامەکانی ڕاگرتنی زنجیرە درامای ئاریا ,هەر لەو چوارچێوەیەدا کەناڵی **(العربية)** ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەمبارەوە ئامادە کرد کە جگە لە (هادی مەهدی) دەرهێنەری دراماکە هەریەك لە (ئازاد جندیانی)بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی و(بەهێز حسێن) نوێنەری کەمپینی داکۆکیکردن لە درامای ئاریا و(مەلاعوزێر)کە مەلایەکی ناسراوی شاری سلێمانییە بەشدارییان لە قسەو باسەکانی ناو ڕاپۆرتەکەدا کرد.

لە ئاستی جەماوەرییشدا بەشێکی زۆری خەڵك دژی وەستاندنی دراماکە بوون هەرچەند ژمارەیەکی تریش وەستاندنەکەیان بە کارێکی باش لەقەڵەمداو پێیانوابوو ئەم وەستاندنە خزمەت بە خەڵك دەکات .

سارا محەمەد وتی :نازانم بۆچی درامای ئاریایان وەستاند ئەگەر مەبەستیان مەلاکە بوو من مەلای وا دەزانم مەلا جوان لە چاویدا بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە ئەوەندە کەسێکی خراپە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەگەریش دەڵێن مەلای

وانییه بابێن من ده مەلای لەوە خراپتریان پێ نیشان دەدەم،هەموو کەسیش دەزانێت نادر ئاغاو مودیر ناحیەکەی ئاریا مەسئولەکانی خۆمانن بڕوابکە هێشتا خاتریان گیراوە و من وەك خۆم هەر زۆر بەکەمی دەزانم.
باشە بۆچی کەس هەقی نییە بەسەر تەلەفزیۆنی یەکگرتووەوە کەشەو و رۆژ هەر خەریکی پیشاندانی درامای ئێرانییەو هەمووشی مەبەستێکی سیاسی و ئاینیی لە پشتەوەیەو سوکایەتی زۆریشی تیایە بۆ خەڵکانی جیاواز لە خۆیان ،هەق بوو ئەمانە قەدەغە بکرانایە نەك ئاریا کە وەك خۆی باسی وڵاتەکەمان دەکات.
دیلان حەمەسەعید خوێندکاری زانکۆی سلێمانی دەڵێت :من دژی هەر قەدەغەکردنێکم ،بەراستی درامای ئاریا هیچ نەبوو بەس گەورەیان کرد ،کێش گەورەی کرد؟ مەلاکان گەورەیان کرد چونکە تووشی شۆك بوون کە دیمەنی مەلایان بەو جۆرە دیت کە ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی هونەری کوردییدا مەلا ئەو رۆڵە سلبییەی پێبدرێت. جگە لەوەش هیچ کەس مەعسوم نییە هەر خوا خۆی هەڵە ناکات ئەگینا مەلا هەڵە دەکات ،مامۆستای زانکۆ هەڵە دەکات ،نووسەر هەڵە دەکات بە کوردییەکەی هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات بۆ کەس نییە بڵێت من هەڵە ناکەم وبێگەردم و مەعسومم ئەوەی وایووت راست ناکات و دیارە پاشەڵی پیسە بۆیە دەیەوێت خۆی بە جوانیی نیشان بدات،ئەو مەلایەی لە ئاریادا بوو لە نموونەی هەیە بەڵام هەموو مەلایەکیش وانییە بگرە زۆر مەلا هەن لە هەندێ بەناو رۆشنبیر راقیتر و رۆشنبیرترن لەبەر ئەوە حاڵەتەکە نسبییە و حەق نییە تەعمیمی بکەین بەسەر هەموو مەلاکاندا ،،ئەوەندەشی بیستوومە لە ئەڵقەکانی کۆتایی دراماکەدا مەلایەکی تر هەیە بەڵام ئەمەیان کەسێکی باشەو وەك مەلا جوان نییە ،بۆیە هەقی وانەبوو مەلاکانی خۆمان تووڕە بن چونکە لە پەنا نموونە خراپەکەدا نموونە چاکەکشی داناوەو پشتگوێی نەخستووە.
جەمال عەزیز وتی:درامای ئاریا کارێکی نا پەسەندی کرد بەو جۆرە مەلای پیشاندا چونکە زۆربەی سەرکردەکانی کورد لە مێژوودا پیاوانی ئاینیی و مەلا بوون یان لە حوجرەکانەوە هاتوون ،بەڵام ئەو کابرایە عەرەبە وئاگای لە مێژووی ئێمە نییە و نازانێت نالی و مەحوی و مەلای جزیری مەلابوون ئاگای لەوە نییە شێخی خاڵ و عەلائەدین سوجادی و مەلا عەبولکەریمی مودەریس مەلا بوون و گەورەترین رۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆیان بوون ،نازانێت بارزانی و شێخی پیران و قازی محەمەد و شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینانی و شێخ مەحمود کە سەرکردە نەمرەکانی ئێمەن و پشتاو پشت شانازییان پێوە دەکەین لە حوجرەکانەوە هاتوون و پەروەردەبوون ، نەدەبوو لەبەر یەك دوو مەلای خراپ کە ئەو بینیویەتی هەموو مەلایەکی خراپ بکردایە.
هەر لەگەڵ وەستاندنی دراماکە ژمارەیەك نووسەرو رۆژنامەنووس دەستیان دایە کەمپینێك بۆ داکۆکیکردن لە ئاریا،یەکێك لە ئەندامانی ئەو کەمپینە دەربارەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئیسلامییەکان کە بەهۆی ئەم درامایەوە لەنێوانیاندا لە پەرەسەندندایە وتی :شتێکی سروشتییە کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تەوژمە پێچەوانەو دژەکان ململانێ بکەن ئێمەش لەکوردستان لە هەمان ململانێداین و دەمانەوێت بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەکەمان ئەم کێشمە کێشە بکەین لەگەڵ دژەکانمان ،ئێمە هەر لە سەرەتاوە رامانگەیاند داکۆکیی لە بیرۆکەی ئاریا یان لایەنی هونەریی دراماکە ناکەین بەڵکو وتمان ئێمە داکۆکیی لە ئازادیی دەکەین و هەر لەو رووەوە بوو دەستمانکرد بە کارکردن ،ئێمە ویستمان مەیدانی جەنگەکە لەگەڵ ئەوانەبێت کە سانسۆر دەخەنە سەر کاری هونەریی یان رۆشنبیریی بەڵام ئیسلامییەکان زۆر بەمە قەڵس و بێزاربوون و دژە هەڵوێستیان وەرگرت و کەوتنە دژایەتیمان ئێمەش لەگەڵیان

کەوتینە شەڕەوە ،شەڕ بەو نەوعە کلاسیکییە نا کە تائێستا باوە بەڵکو بەشێوازی مۆدێرن و ناباو وبەرێگەی نوێ و میکانیزمی نوێ.

مەلا رەئوف مەلا شەریف – مەلایەکی ئاینییەو زیاتر لە بیست ساڵە مەلایەودەرچووی کۆلێژی شەریعەتی زانکۆی بەغدادەولە مزگەوتەکەی خۆیدا دواندمان و وتی:بەراستی دراماکە شتێکی باش نەبوو لەناو ئەم هەموو گەندەڵییەدا کەسی دەست نەکەوت تەنیا مەلا نەبێت ،من ناڵێم هەموو مەلاکان مەلای چاك وپاکن بەلاّم بەشێوەیەکی گشتیی مەلاکانی کوردستان مەلای شۆڕشگێڕ بوون و لەگەڵ میللەتەکەیاندابوون و پشتیان نەکردۆتە ولاّتەکەیان .

دواتر وتی :من ناڵێم با دراماکە نیشان نەدرێت با نمایش بکرێت چونکە خەڵك خەتی رەش و سپی لە یەکتر جیا دەکەنەوە و دەزانن مەلا بەوجۆرە نییە کە هادی مەهدی دەیەوێت باسی بکات و پیشانی خەڵکی بدات ،مەلاکان هەر جەماوەر و موریدی خۆیان هەیەو لە خوا بە زیاد بێت کە رۆژانی جومعە خوتبە دەدەین هەزاران کەس دێن گوێمان لێدەگرن و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە قسەکانمان لە گوێ دەگرن و جێبەجێی دەکەن و بەئەرکی ئیمانیی و ئیسلامیی خۆیان هەڵدەستن ودرێغی ناکەن. پاشان وتی: مەلا ڕەمزی ناشیرینیی نییە ئەگەر مەلایەکیش شتی ناشیرین ئەنجام بدات ئەوە لە خەتی راستەقینە لایداوە.. رێبازی مەلا رێبازی پێغەمبەران و پیاو چاکانە ،بەلاّم ئەوەی لە بارەی قاعیدەوە وتوویەتی لەجێی خۆیدایەو قاعیدە لەوە خراپترن بەلاّم مەلاکان وانین فەرموون ئەوە ئەرز وئەوەگەز.

دواجار هادی مەهدی دەرهێنەری درامای ئاریا وتی: درامای ئاریا بۆیە قەدەغەیان کرد چونکە ئەوە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی درامای کوردیدا بەو جۆرە پەنجە بخرێتە سەر کێشە ناوکییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ،ئەم درامایە لە لایەك باس لە گەندەڵی و دزیی بەرپرسەکان دەکات و لەلایەکی ترەوە باسی گەشەکردنی رێکخراوی ئەلقاعیدە دەکات ،مەسەلەی سەرەکیی مەلا جوان نییە بەڵکو مەلا جوان کارێکتەرێکی ئاساییە وەك کارێکتەری شێرکۆی خاوەنی چێشتخانەکەی ئاریا یان وەك هەر کارێکتەرێکی تر.

هادی وتیشی :پێموایە کوردسات و مەلاکان و بەرپرسەکان ئاریایان خنکاندو ئێستا دراماکە لە بەشی ئەرشیفی کوردسات زیندانیی و دەستبەسەرە بەلاّم من بە بینەران و هەموو ستاڤ ئاریا دەڵیم ئاریا پەیامەکەی گەیشت و توانی گۆمە مەنگەکە بشڵەقێنێت.

سەرباری ئەوەی درامای ئاریا راگیرا بەلاّم رەنگە باشترین رەهەندی دوای وەستانی ئاریا بریتی بێت لەوەی ئیسلامیی وعەلمانییەکانی بەگژ یەکدا کردەوە کە ماوەیەکە سست بوون وهیچ موناڤەسەیەکی یەکتر ناکەن.

ئەم دێڕە تەنیا دێڕو تەنیا قسەی نووسەرێکی عەلمانی دانیشتووی باشوری کوردستان بوو بەلاّم داوایکرد ناوی نەنووسرێت.

11-7-2007